www.kurdistannet.org
14-4-2003 1:42

# کێشەی کەرکوك بەپێکەنین چارەسەر بکرێت خوێن هەڵی دەوەشێنێتەوە

**عەلی مەحمود محەمەد**

**ئەوەی پێش سالێك یا تەنانەت چەند مانگێك ئەفسانە بوو لە هەلوەشاندنەوەی نەخشە شۆفینیەکانی بەعس کە چوار دەیەیە ئەنجامی دەدا ئەمڕۆ بەشێکی هاتوەتە دی، مەرحوم تاریك عەزیز خوا پێم نەگرێت وتبوی ئێمە چۆن بۆ قودس دەگریێن ئێوەش بەهەمان شێوە بۆ کەرکوك. ناسۆێنالستە عەرەبەکان دەینەویست تۆلەی قودس لە کەرکوك بکەنەوە، ئەمە پاداشتیان بوو بۆ نەوەکان سلاحەدین.**

**کێشەی کەرکوك کێشیەکی ئالۆزە، کێشەی سڕینەوەی نیو سەدە لە بە عەرەب کردن و دەرکردن. بێ بەری کردنی مافی هاووڵاتی بوونە لەم شارە، ئەمانەش سەرجەم تەواو کەری یەکترن. کورد چۆن دەیەوێت بگەڕێتەوە ناو خانوە داگیر کراوەکەی، بەهەمان شێوەش دەیەوێت فەرمانبەر بێت لە کۆمپانیای نەوتو مافی هاووڵاتی بوونی هەموان بە یەکسانی پارێزراو بێت بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و مەهەبی. لەهەمان کاتدا داخوازین پرۆژەکانی بەعس بێ سازش لە ڕەگەوە هەلتەکێت و شوێنەواری یەکجاری تەرحیل و تەعریب بسڕێتەوە. لە هەمان کاتدا زەرەرو زیانی ئەم چەند سالەی زیان لێکەوتوان بژمێردرێ.**

**ئەم کارەش پێویستی بە کەسانی پسپۆر لە بواری – مێژو، جوگرافیا، ئامار–ی شاری کەرکوك هەیە بۆ بەژداری لە گفتو گۆ لەو بوارەدا. نەك چارەسەرکردنی بۆسنیانەی کێشەکە. هیچ سەرکردەیەکی کورد دەسەڵاتی چەندە بێسنوریش بێت لەناو پارتەکەی، وێنەی هەلواسراوی لەو شارە لەژمارەی وێنەو بتەکانی سەدامیش زێتر بێت و بەوێنەی سەدام ئاساش سەر سنگی سەرجەم ڕەعیەتەکاتی داگیر کردبێت بۆی نی یە بە ئیشتیهای زەوقی سیاسی خۆی مامەلە بە چارەنوسی کەرکوکی پاتەختی کوردستانەوە بکات، بەسەر پێوە سەری ڕازی بون بۆ usaوڵاتانی ئقلیمی بلەقێنێت. کەرکوك جەوهەری کێشەی کوردە ڕازیبون بە نوێنەرانی یەکسان بۆ کورد و تورکمان و عەرەب لە کەرکوك و دیاری نەکردن لە چوار چێوەی کوردستان سازشە بە کەرکوك و ئاسایشی نەتەوەیی کوردەوە ئەگەر هەبێت، وەدەربڕی ئەمانەی خوارەوەیە**

**–دان نانە بە تەعریب کردنی تا ئێستای کەرکوك، چونکە زۆربەی زۆری عەرەبەکان دوای پرۆسەی تەعریب هاتونەتە کەرکوك.**

**–پێشێل کردنی مافی ئاشورییەکانە لە کەرکوك.**

**–. بونی نۆێنەرانی یەکسان دان نانە بە عێراقی بونی کەرکوك نەك بەشێك بێت لە جوگرافییا کوردستان، ئاساییە تورکمان و عەرەب وە تورکیاو عێراق هاو ڕان لەم بیرکردنەوەیە.**

**نەگەڕانەوە بۆ مێژوی پێش تەعریب لە ئامارو جوگرافیای کەرکوك، ڕازی بون بە ئەنجامەکانی تەعریب لەم قۆناغە ناسکەدا وا دەکات کێشەکە بکاتە کێشەی کورد لەگەل عەرەب نەك سڕینەوەی شوێنەواری سیاسەتەکانی بەعس، ئەمەش مەترسیدارە و بەداخەوە سیاسەتمەدارانی کورد چالەکەی بۆ کورد هەلەقەنن. هیوادارم سیاسەتمەدارانی کورد لە سیاسەتی– بتاع کل– واز بێنن وەك مەرحوم ڕێگە بۆ پسپۆڕانی ئەو بوارانە چۆل کەن، لە بواری کەرکوك دا پسپۆڕانی کارامەی ناسراومان هەیە دەتوانین کەلکیان لەم بوارەدا لێ وەرگرین و کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بدەینە دەستیانەوە نمونە بەڕێزان د. نوری تالەبانی، د. جبار قادر، د. ئازاد شێخانی چەندین کەسایەتی بەڕێزی دیکە لەوانەیە هەبن من نەیان ناسم، دەبا نان بۆ نانەوا بێت.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧–٣–٢٠٠٣